# خۆری ناپاکی



شیرین کافی

بەم ناوەختە لاشەی سڕ بووم بەکۆڵمەوە شەقام وکۆڵان تەیدەکەم

بستێ زەوی نادۆزمەوە بیکەمە گۆڕ بۆ ئەبەدی ئازار لەجەستەم

دەبارێ لێوەکانم شەقار شەقار وەک بیابان بۆ قومێ ئاو ناخم

بەجۆرێک شێواوە ئەڵێی کەشتی شکاوە بەدەم شەپۆلی دەریاوە دڵم

بەجۆرێک ورد بووە پارچەکانی لەنێوانی زەوی و ئاسماندا سەمادەکەن بەدەم گەردەلول و ڕەشەباوە

بەجۆرێک ئەسرین لەنیگام دەبارێ دەڵێ سەهۆڵبەندانی بەرتیشکی هەتاوە

پەنجەکانم لەگۆ کەوتوون وەک پەنجەکانی ئەو پیانۆژەنەی لەسەرما ڕەقهەڵگەڕا

ڕووخسارم لەڕووخساری مەسیح دەچێ بەخاچەوە زەرد هەڵگەڕاوە

وەک شۆڕەبی قەراغ دەریا هەڵدەلەرزن ئەژنۆکانم هێزیان لەبەربڕاوە

هەروەک ئەوەی بۆ بەردەم پەتیی سێدارە بەکێشیان کەم هەنگاوەکانم دێنە دواوە

هەناسەم لەقەفەزەی سنگمدا قەتیس ماوە

هاکا ئێستا یان تاوێتر دڵم لە لێدان دەکەوێت

دەپێم بڵێی ئەی ئەستێرەی خەونەکانم ئەم ئازارە بۆکوێ بەرم بەم ناوەختە

دەپێم بڵێ لەکام سەرابدا بۆ عەشقی ونبووم بگەڕێم

دەپێم بڵێ چۆن ئەو پێکە کۆکەمەوە کە خیانەت لێی ڕژاندم

دەپێم بڵێ چۆن بتوانم ماچەکانت لەسەر ڕووخسام بسڕمەوە

چۆن بتوانم پەنجەکانت لە ئاڵۆسکاوی کەزیەکانم بترازێنم

دەپێم بڵێ چۆن بتوانم هەناسەم لەهەناسەت جیاکەمەوە

دەپێم بڵێ چۆن بتوانم میلی کات ژمێری زەمەن بەرەودواوە بگێڕمەوە سەرەتای یەکەم جێژوان

یەکەم وشە یەکەم ماچ و یەکەم هەناسە و یەکەم نیگا یەکەم گوشینی پەنجەکان یەکەم پەیمان

یەکەم ئاوێتەبوونمان و یەکەم ئێوارەی زەردەپەڕ و یەکەم کازیوەی بەیان

یەکەم تیشکی خۆر یەکەم بارانی بەهار یەکەم هەورەگرمەی زستان

یەکەم گەڵای وەریوی پایز و یەکەم تیشکی خۆری هاوین

چۆن بتوانم ئەمانە گشت کۆکەوە بیان خەمەناو چوار چێوەی پەشیمانیم.

٢٨/١٢/٢٠٢٣

کۆڵن/ئەڵمانیا

شیرین کافی